كورتە چیرۆك

# بەڕو

فایق جەمیل

هەمین ئەوە ئەتوی ...؟  دوا کەوتویت ...؟

-- ئەریّ خۆرکیان لیّ کەویّ کچی ئیستا دەلّیی هاربوون سەر کانی بەرنادەن موسلمانیّك دەست نویّژیّ لیّ هەلّگرِی .. ها ها گویّت لە گارە گاریان بیّت ... گویّت لیّ نیە ..!!؟

ـــ نە بەخوا چما پیری چی پیّ هیّشتم وا تۆم وەك تارمایەك دیّتە بەر چاو،  چاوەکانیشم تەواو کز بوون .. هەمین وردە وردەسەرکەت تا گەیشتە تەك حاجی عەلی ، حاجی عەلی هەفتا سالّی تیّپەراندبو گۆچانیّ توندوتۆری بەدەستەوەبو خوا هەلّناگرِیّ زۆر جار بە هانای دەهات بە تایبەتی کە لە کانی پیاوان بۆ مالّ سەردەکەت .

ـــ حاجی .حاجی دەستت بیّنە ... ئەریّ لەوەتی خۆم دەناسم لەم گوندە ئەم کلکە شاخە ئەم سەر ریّەی گرتیە، ئەویّ رۆژیّ خوا کردی دەنا هیّسترەکەی مالّیّ حاجی قادر هەر چوار پەلّی  وردوهەرا دەبون وا هەرزەلی رەتیّکی برد نەبیّتەوە ...! ئەریّ کەس نەبو بە یەك دو تەوش ئەو رۆخە تیژانەی لوس کات ئەوبەرو ئەوبەری بشکیّنیّ.

ـــ کچیّ کەس بەتەن ئەوەوە نیە ... کیّ ئاگای لە کیّ یە ...!!  هەرکەس خەریکی ئیش وکاری خۆیەتی جگە لە خەم وخەفەتی ئەم دونیا رەشەش،وا نیە  پارچە زەویەکەی پشت گوندیمان وابوە چوار سالّ کەس نیە دنکە تۆیەکی تیّدا بچیّنیّ..! گەنجەکان وپیاوانی بەهیّزی ئاوایی گشتی وا  پەرت وبلّاون لە ئۆردگاوسەنگەرەکانی شەرِ .

ـــ بەراست حاجی سەروسۆراخی حەمەی کورت چیە... بەم زوانە چ خەبەری نەبو....؟

ـــبەریّ وەلّا وابزانم رۆژیّ هەینی  بو لە دوریانەکەی تۆبزاوە توشی کورەکەی  سۆفی خدری تۆبزاوەیی بووم.. خوا لیّی نەسیّنیّ ئەو منی ناسیوە ووتی : دوو رۆژ پیّش هاتنی لەگەلّ حەمەی کورم تا درەنگی شەولە ئۆردگا بەیەکەوە بوون شوکر سحەتی چاکە ئینشائەلّا بەم زوانە دیّتەوە بە فاتەی ژنی رادەگات ، هەمین بەراستی زۆرم پیّ خۆش بو حەمە لە مالّ با بەم زوانە خۆت دەزانی فاتە لەمانگی خۆیەتی ..

ـــئینشائەلّا... لەم قسانە دابون گەیشتنە رۆخ مالّ لیّك دابران .

حاجی هیّشتا لە حەوش بو  فاتەی بوکی دەنگ دا کە زانی لە مالّە دلّ تەبا بوو دوگردەکەی راخست نویّژی مەغریبی دامەزراند رووی لە خوا کردو پارایەوە حەمەی کوری بگاتە  فاتە  پیّش مندالّ بوونی، لە نویّژ بۆوە هەر لەسەر دوگردەکی مایەوە تۆبەوئیستغفار لە زمانی نەدەکەت لەم کاتەش فاتە قاپەساواریّکی

چەورلەگەڵ پارچە نانێك وبادەیەك دۆی ساردی لەسەر سینی یەكی شڕ لە پێش حاجی دانا ، برسی بو تەواوێكی لێی خوارد لەگەڵ شوكرانەی خواوئەڵحەمد وقرپەكانی یەك بەدوای یەك دەستی بە ریش وسمێلی داهیناو دیسان بە دەنگێ بەرز هاواری فاتەی كردەوە لە سۆراخی بزن ومەرەكان وكەرە دێزەی ، فاتەش وەك هەمو ئێواران دڵنیای كرد گشتیان لە شوێنی خۆیان داكراوون .

ـــحاجی بۆ خۆت راكشەو بخەوە وا منیش ئەچم بزانم وا ناكەم پۆرە هەمین ئەمشەولام بخەوێت بەراستی مامە زۆر نارەحەتم، هەندەی نەبرد فاتە گەرایەوە دەستە نوینەكی لە هەیوان نێزك خۆی بۆ پورە هەمین راخست .

بەیانی زوو وەك هەزاران رۆژانی رابوردو حاجی عەلی چاوی كردەوە تریسكەی خۆر لە پشت لوتكەی چیا وا ئەهات دەركەوێ شەوورۆژ خەریكن لێك دابرێن شەفەقەو بانگەوازی كەلەشێرەكان بۆ رۆژێكی نو هەر یەكە بەلایەكەوە بە تەواوی ئاواییان داگرت بوو، گەر بڵیی كەلەشێری سەربانی حاجی لە هەمویان زیاتر دەنگی دەدایەوە بە هیچ جۆرێ وەستانی نەبو جار لە جار توندوتیژ تر حاجی عەلی سەرسام ولەبەر خۆیەوە ئەی ووت : ئەم كەلەشێرە ئەو بەیانیە بۆ وا ئەكات ... قەد وای نەكردووە ، خێری تێدایە ئینشائەڵا .

حاجی بە مەسینە ئاوەكەی ئێوارە لەگەڵ خۆبەسەری خست بوو دەست نوێژی هەڵگرت و رووی كردە كەعبەنوێژی خۆی دابەست , خەڵكانیش هەركەس بە حاڵی , خۆیان ئامادە دەكرد بۆ رۆژێكی نوێ،هەندێ حاجی ئاسایی خەریكی نوێژن ئەوانی دی سەرقاڵن بە مەروماڵاتیان ئافرەتانیش وەك گشت رۆژان خەریكی نان كردن وئامادەكردنی جەمی بەیانین ، حاجی هێشتا نوێژی تەواو نەكردبو سەگەوەرێكی زۆر لە گوندی پەیدابوو لە ئەلسەلاموعەلێكم رووی كەوتە ئەم بەر چاوی بە تەپوتۆزەكی بڵندو گەورە كەت لەگەڵ تیشكی زێرینی خۆر تێكەلاو بوبو ووك مەشخەڵ لەئاسمانە بەر پا بوبێت،

تەپوتۆزەكە لە گوندی نیزك دەبۆوە سەگەوەریش زیادو توندتر خەڵكانی گوندی بە پیاو ژن گشتیان لە خانوەكانیان دەرهات بوونە دەرەوە هەندەی نەبرد شێوەی ئوتمبێلەك دیار كەت حاجی قادریش وەك خەڵكانی دی وەستا بوو لەبەر خۆیەوە وتی :بەخوا واپێدەچی ئوتمبێلەكەی جاران بێت، یەك لە دراوسێكانی لەتەكیەوە بە توندی هەڵیدایەو ووتی:خوا سەلامەتت كە قسەی خێر بكە هێشتا كفنی ئازادی جوانە مەرگ زەرد نەبووە ، ئوتمبێلەكە بەدارە مەیت وعەلەمی عیراقی وا ئەهات زیاتر نزیكی ئاكاری گوندی دەبۆوە خەڵكانیش كش ومات سام گرتبوونی ، تەنیا پورە هەمین نەبێ لەبەرەبەیانەوە خەریكی فاتە بو ئێستا نا ئێشستا خوا بەرەحمی خۆی رزگاری دەكات ، پورە هەمین بە تەمەن چوو ژنێكی ئازاو چاپوك زۆربەی مناڵ و گەنجانی گوندی لەسەر دەستی ئەو چاویان بە دونیا هەڵێناوە حەمەوفاتەش لەگەڵ دابن، ئوتمبێل گەیشتە رۆخی گوندی وەستا عەسكەرێ سەری لێ دەرهیناوكەوتە دووان لەگەڵ توتنەوانەكەی ئاوی پارچە توتنەكەی دەگواستەوە , كەوتەوە رێی بەرەو ماڵی حاجی عەلی لە بەر دەرگا وەستاو كابرای عەسكەر بە دەنگێ بەرزی نافرەجا هاواری كرد: ئێرە ماڵی حاجی عەلی یە...؟ حاجی حەپەسا لەدەست وپێ كەت خەڵكانی گوندی دارەمەیتیان هینا خوارەوە حاجی سابیریش كە خۆی دانابو بە دەوراست وسوكە مەلای

**گوندی کردی به ئەلاهوئەکبەر ،سەری حەمەی نازداریان هەڵدایەوە نەگەچرابو لە دەقی خۆی مابۆوە نەمردووە لەخەوێکی قوڵ دایە ، هەر لەم کاتەش پورە هەمین ئاگاداری هیچ نەبو دەنگی دا :**
**ـــ حاجی ... حاجی عەلی .. کورێکتان بو .. کوور، خوا لێتان نەسێنی بە دایك وباوك گەورەبێت ، حاجی عەلی بە هەردودەست لەسەرو مێشکی خۆی دەدا ئەگری بێ وەی دڵۆپێ فرمێسك لە چاوانی بێنە خوار خۆی هاویشتە سەر دارە مەیتەکە بە هەمو هێزی هاواری دەکرد : ناوی لێنێن بەرو... بڵێن بەرو... بەرو .. حەمە بەرو .. بەرو حەمە ....**

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

**تێبینی : لە ساڵانی شەری عیراق وئێران دارشتراوە**

**فێبروەری** 2005
**ئوستراليا**